# گێچەڵی سێکسی لە دید و بۆچونی کچە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانیەوە

**م.بەختیار ابراهیم فتاح [1]، م.عادل محمد نوری عبدالله[1]**

١ زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی بنەرەت - بەشی زانستە کۆمەڵآیەتیەکان

bakhtyar.fatah@univsul.edu.iq, adil.noori@univsul.edu.iq

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ م.بەختیار ابراهیم فتاح، م.عادل محمد نوری عبدالله

**پوختەی توێژینەوە**

دیارە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە هەر کۆمەڵگایەك کێشەو ململانێی بەردوەام هەیە، بە جیاوازی بونیادی مرۆڤایەتی و جوگرافی کۆمەڵایەتییەوە ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی کە لەسەدەی بیستەمدا ڕوودەدات کە هەموو ناوچەکەو جیهانی گرتۆتەوە، بۆتە هۆی خوڵقاندنی جۆراوجۆری قەیرانەکان، وە ئەنجامی نەرێنی و نەخوازراوی لێکەوتۆتەوە .یەکێکیش لەو کێشە سەرەکیانەی گشت و کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی گرتۆتەوە بە تایبەتی کێشەی سێکسە کە بە هیچ شێوازێك ناتوانرێت ڕێگاو یاسای تایبەتی و گونجاوی بۆ دابنرێت بۆ چارەسەر کردنی و کەمکردنەوەی گێچەڵی سێکسی.

توێژەر لە نزیکەوە ڕەچاوو تێبینی ئەو حاڵەتەی کردووە و پێیوایە لە حاڵەتەوە سەردەنی بۆ دیاردە و تەشەنەکردنی بۆ هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا بە زانکۆشەوە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە (گێچەڵی سێکسی لە دید و بۆچونی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانیەوە)، بەرهەمی هەوڵدانێکی زانستی – مەیدانی یە، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی گێچەلی سێکسی لە نێو گەنجانی خوێندکارانی زانکۆ، توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە لەبەشی یەکەمدا کە تایبەتە بە لایەنی تیۆری توێژینەوە، لەم بەشەدا کە لەچەند تەوەرێك پێکهاتووە .لە تەوەری یەکەمدا کێشەی توێژینەوە،گرنگی توێژینەوە، ئامانجەکانی توێژینەوە، بوارەکانی توێژینەوە، پێناسەی چەمك و زاراوەکانی خراونەتە ڕوو، لە تەوەری دووەمدا هاتووە، گێچەڵ و تیۆری کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی گێچەڵی سێکسی خۆی دەبینێتەوە لە (سیانزدە) (١٣) خاڵی سەرەکیدا، هۆکارەکانی بێدەنگی مێینە لەبەردەم دەسترێژی سێکسیدا،ودوا تەوەریش ئاماژە کردنە بە توێژینەوەکانی پێشوو کە پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەکە هەیە.

بەشی دووەم : کە پێکهاتوە لە ڕێکارییە مەیدانیەکان، کە پێکهاتووە لەم تەوەرانە، میتۆدی توێژینەوە، کۆمەڵگەی توێژینەوە، نمونەی توێژینەوە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، ڕاستگۆی و جێگیری، ئامرازی ئاماری توێژینەوە، لە تەوەرەی کۆتایشدا لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوە دەرئەنجام ڕاسپاردەکان خراونەتە ڕوو.

لە کۆتای توێژینەوەشدا هەر یەك لە لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆو کورتەیەك لە توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

## ملخص البحث

تعود مشكلة التحرش الجنسي الى قديم الزمان و يتعرض بوجه عام كافة المجتمعات في العالم بشكل مسكون و اوجه مختلفة خاصة في المجتمعات الشرقية المغلقة الحساسة و هذه ظاهرة خطيرة تنتشر بسرعة مذهلة تحت مسميات و ذرائع مختلفة مثل المساواة و المدنية و الازدهار.

ان الدراسة الحالية تحاول تدرس ظاهرة التحرش الجنسي من وجهة نظر سوسيولوجية مبنيا على ان التحرش الجنسي فعل و سلوك اجتماعي يقع في سياق التفاعلات اليومية للافراد.

هذه المحاولة تاتي في اطار نظري ملائم لدراسة التحرش الجنسي بين الطلاب و الطالبات باشكاله المختلفة و محاولة التعرف على الاهداف التى يرمي اليها الفاعل لارتكاب هذه الجريمة.

بما ان الطالبات هن يشكلن فئة مستضعفة من قبل الاساتذة و الموظفين و الطلاب و الرجال خارج حرم الجامعة و يتعرض في كثير من الاحيان الى العنف و التحرش بانواعه المختلفة و تعد هذه المشاكل الى التاثير على المستوى الثقافي و الدراسي للطالبات.

ان بعض القيم الأجتماعية قديمة و مغروسة في عقلية الانسان و معظم الاجيل من الاوقات ينظر الرجل بنظرة دونية للمراة بانها مخلوق ضعيف و يستحق المهانه و الرذيلة.لذا اخفاء ضحايا التحرش امر سهل في الغالب , و لايمكن أن تبوح بسرها, لان الحصول على دليل ملموس امر صعب جدا و على الاكثر الضحية تخسر القضية.

فتجريم التحرش الجنسي يهدف الى حماية العرض و كرامة المراة و الحرية الجنسية بما ان الجنس حق لكل فرد في المجتمع و على الحكام ان يلتزموا بمباديء حقوق الانسان بكل اجناسه.

نستخلص موضوع التحرش بانها (اقوال و افعال و كل الايماءات و السلوكيات الغير مرغوب فيها مثل المضايقات اللفظية ولسلوكيات الاجرامية و الاعتداءات و الجنسية و يكون بعدم ارادة الانسان او بارادته نفسه تحت الضغوط فيما حوله).

اقتضت طبيعة البحث الاعتماد على المنهج الوصفي التحليلي, و تهدف الدراسة الى التعرف على ظاهرة التحرش الجنسي في المجتمع الكوردي عامة و الجامعات خصوصا ,و الاسباب المؤدية لظاهرة التحرش الجنسي باشكاله المختلفة.

بما أن صفات اعظاء المجتمع البحث متقاريبين، لذا اخترنا عينة نموزج البحث بطريقة العشوائية البسيطة، قام الباحثين بتوزيع (٢٧٥) استبيان الطالبات، بعد التفحص اخترنا (٢٥٠) استبيان كنموزج المقبول.

وعرض جميع المعلومات المطلوبة, قمنا بتوزيع اسئلة الاستبيان على الطالبات التي تحتوي على ٣٥ فقرة متنوعة متعلقة بالتحرش الجنسي .

وفي نهاية الدراسة و في ضوء طبيعة الواقع الاجتماعي للمجتمع الكوردستاني عرضنا هذه النتائج حسب الجداول الموجودة في البحث وفي الختام قدم الباحث جملة من التوصيات و المقترحات لحل او لتقليص قوة و هيمنة هذه الظاهرة الخطيرة.




***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ABSTRACT**

Harassment as a social problem dates back to the old times and societies in general face this problem constantly, particularly the backward and closed societies of the East.

Harassment is a dangerous phenomenon that spreads quickly and under numerous names and pretexts such as equality, civilization and prosperity.

Thereupon, the present study attempts to approach the phenomenon from a sociological perspective assuming that 'harassment' is a social act and behavior arising from the contexts of daily interactions of the individuals.So, the study offers an appropriate theoretical framework to study sexual harassment among male and female students and also to identify the goals the doer seeks to achieve by committing the act.

In Kurdistan region, the female students belong to a disadvantaged segment oppressed by the instructors, employees and others inside the university and men from outside the campus and are prone to violence and various kinds of harassment which impact the educational and cultural standards of the female students.Moreover, there are some social values which are deep rooted in the human mind such as when the man views women as if they were inferior and worth despise and contempt.Hence, covering the victims of harassment is relatively easy since acquiring concrete evidence can be hard and thereby the victim will lose the case.So, the criminalization of harassment aims at protecting women's honor and sexual freedom.Even though gratifying sexual desire is a natural right of every human being, the authorities must be committed to protect human rights in all their aspects and faces.

Thus, we have concluded the topic by stating that harassment is any word, act, reference or behavior of an unfavorable nature such as verbal harassment, criminal behavior and sexual aggressions against the will of the victim or under duress.

It should be noted that the nature of this study involved the analytical descriptive approach aiming at exploring the phenomenon of sexual harassment in the Kurdish society in general and the universities in particular in addition to the causes of the phenomenon in all its forms and aspects.The samples of the study were taken randomly from the female students of the same college.250 students were taken from all the departments.Then, a questionnaire was distributed among them that contained 35 questions.

Finally, the results were drawn and recommendations and suggestions for further studies have been listed at the end of the study.

**١-١ کێشەی توێژینەوە:**

یەکێك لەو دیاردە و ئاریشە کۆمەڵایەتییە فرە ڕەهەندەی کە درێژەی هەیە لە مێژوودا، وە بەرێژە و ئاستی جیاواز و شوێن و کاتی جیاواز، ئەویش گێچەڵی سێکسیە.چۆنیەتی دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە پەیوەستە بە چۆنیەتی بونیاد و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی هەر کۆمەڵگایەکەوە.

کێشەی گێچەڵی سێکسی لە نێوان خوێندکاراندا کێشەیەکی نادیار و شاراوەیە، لەگەڵ ئەوەی مەترسییەکی تەندروستی و هەڵسووکەوتییە کە خۆیدەبینێتەوە لە پاشماوەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەیي، زیاد لەوەش پاشماوەی بەفیرۆدانی پەروەردەییە کە کاریگەری هەیە لەسەر دابەزینی ئاستی خوێندەواری و زیادبوونی تێکڕای تەشەنەکردنی.مەترسییەکانی درێژخایەنن کە پیادە دەبێت لەسەر تێکچوونی دەروونی بەردەوام لە دوای ئەو شۆکە کە نەوە بە نەوە دەگوازرێتەوە[١] .

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە گێچەڵی سێکسی بابەتێکی هەستیار و شەرم هێنە، بۆیە هێندەی توێژەر ئاگادارە لە سەر ئەم بابەتە توێژینەوە نەکراوە لە کاتێکدا دیاردەکە بونی هەیەو ڕۆژانە خۆی دووبارە دەکاتەوە، بۆیە توێژەر دەیەوێت چەندێتی بونی دیاردەکە لە ناو خوێندکاراندا بخاتە ڕوو.

**٢-١ گرنگیەکانی توێژینەوە:**

گێچەڵی سێکسی دیاردەیەکی بەربڵاوە و سەرجەم کۆمەڵگاکان دەگرێتەوە و ڕەهەند و ڕێژەی جیاوازی هەیە، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر، یەکێکە لە دیاردە بەرچاوەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ، زیادبوون و بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە بەستراوەتەوە بەو گۆڕانگاریە خێرایەیی کە ڕوودەدات لە جیهاندا بەهۆی جیهانگیریەوە، سەرەرای گرنگی توێژینەوەکە، لە روی تیۆریەوە ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ:

١- ئەم بابەتە لێکۆلینەوە دەکات لە دیاردەیەکی ترسناکی هەستیار کە کەم توێژەر دەتوانێ توێژینەوەیەکی بابەتی لەسەر بکات.

٢- تا ئێستا توێژینەوەیەکی بە پێز بە مانای وشە وەك پێویست نەکراوە لەم بوارەدا.

٣- ئەم دیاردەیە پەیوەستە بە هەستیارترین چینی کۆمەڵگا کە خوێندکارانن.

٤- ئەم توێژینەوەیە ڕێگە خۆشکەرە بۆ چەندین توێژینەوەی زانستی زیاتر تا لەبەر رۆشنای ئەنجامەکانی دا چۆنیەتی خۆپاراستن و بەرگریکردن لە گێچەڵی سێکسی، لانی کەمی کەمکردنەوەی ئەم دیاردە ناشارستانییەتیە بخاتە ڕوو.

**٣-١ ئامانجەکانی توێژینەوە:**

١- زانینی هۆکارەکانی ئەم ئاریشەیە لە دید و بۆچوونی خوێندکارانەوە .
٢- زانینی قەبارە و کێش و شێوەکانی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە.
٣- کاریگەری و ئاسەواری ئەم دیاردەیە لەسەر خوێندکارەکان.
٤- خستنە روی ئەو خاڵە سەرنج راکێشانەی کە وا دەکات گەنجان بوروژێنێ لە ڕووی رەمەکی سێکسیەوە.

---

[١] حسـن علوان حسـين بيعي، عبد الامير عبد الجبوري، التحرش بين تلاميذ المدارس الأبتدائية من وجهة نظر المعلمين في محافظة بابل، مجلة جامعة بابل، المجلد ٢٤/ العدد ١ – ٢٠١٧، ص ٤١٩.)

**١-٤ بوارەکانی توێژینەوە:**

١- بواری مرۆیی : سنوری مرۆیی توێژینەوەکە تەنها خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی یە.

٢- بواری شوێن: توێژینەوەکە لە ناوەندی شاری سلێمانی ناو زانکۆی سلێمانی.

٣- بواری کات: ٢٠١٨/١١/١ بۆ ٢٠١٩/٥/١٥.

**١-٥ پێناسی چەمك و زاراوەکان**

**گێچەڵی سێکسی**

- هەر قسە و باسێك یان کردەوەیەك هەڵگری نیشانە و سیمبوڵەکانی سێکسی لەخۆگرتبێت بەرامبەر بەکەسێکی تر، کە ببێتە هۆی ئازاردانێك کە خۆی حەزی پێناکات[٢] .
- گێچەڵی سێکسی مانای ڕووبەڕووبونەوە بە ئامرازێك لە پێناو وروژاندن، و پاڵپێوەنان بەرەو کردارێکی دیاریکراو [٣].
- گێچەڵی سێکسی: هەڵسوکەوتێکی سەپێنراو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، کە هەڵگری مۆرك و سیمبوڵی سێکسیە، وە کەسی دەستدرێژی کەر پێیهەڵدەستێت بە بەگەڕخستنی هێز و توانا بەبێ ڕەزامەندی لایەنی بەرامبەر[٤].
- پێناسەی مامۆستا عبدالرحمن عیسوی دەڵێت:ئەو هەڵسووکەوتەیە کە ڕوودەدات، کاتێك کە کەسێك ڕووبەڕوو یا ملکەچ دەبێت، وەك فەرمانبەرێك یا کرێکارێك یا نۆکەرێك یا خوێندکارێك کە مۆرکی هەڵسووکەوتی سێکسی هەبێت، کە ئەم کەسە نەپێیخۆشە و پێشوازیشی لێناکات[٥].
- پێناسەی ڕێکاری توێژەر بۆ گێچەڵی سێکسی: شێوەیەکە لە شێوەکانی توند و تیژی کە لە ئەنجامی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کەسێك، بە ئامانجی تێرکردنی ڕەمەکە چەپێنراوەکانی بە شێوازو سمبوڵی جیاواز کە پەرچە کردارێکی نەرێنی بە جێدەهێڵێت لەلای بەرامبەرەکەی.

**خوێندکاری زانکۆ**

- خوێندکاری زانکۆ: خوێندکاری زانکۆ ئەوانەن کە پەیڕەوی لە زانکۆ دەکەن، کۆمەڵێك لە توێژێکی گەنجان و جێگیربون لە دەزگاکانی فێرکردندا[٦] .
- هەرچەندە بیرو ڕاو سەرەنجی جیاواز لەسەر پێناسەی گەنجان ( خوێندکاری زانکۆ ) هەیە بۆیە دەکرێت بڵێین گونجاوترین پێناسە بۆ گەنجان و قۆناغی گەنجێتی، ئەو پێناسەیەیە، کە هەموو ڕەهەندەکانی وەك بایەلۆژی، دەروونی، کۆمەڵایەتی،کەلتوریی، لە خۆ بگرێت[٧] خوێندکاری زانکۆ: خوێندکار ئەو تاکەیە کە هەڵبژاردوە درێژە بە خوێندنی

٢ (أحمد محمد عبداللطيف عاشور، سمر عبدالمعطي نجم، لبني غريب عبدالعليم، التحرش الجنسي (أسبابه، تداعباته، آليات المواجهة)، كلية الاقتصاد و العلم السياسية، جامعة القاهرة، ص ١٦.)

٣ (مديحة أحمد عبادة، الأبعاد الأجتماعية للتحرش الجنسي في الحياة اليومية، كلية الأداب، جامعة سوهاج، ٢٠٠٧، ص١٣.)

٤ (واقع الأعتداء الجنسي على الأطفال في محافظات قطاع غزة، وحدة النشر و المعلومات، المركز الفلسطيني، ٢٠٠٩، ص٥.)

٥ (لقاط مصطفى، جريمة التحرش الجنسي في القانون الجزائري و القانون المقارن، كلية الحقوق بن عكتون، جامعة الجزائر، ٢٠١٢، ص٢٠)

٦ (سحر محمد وهبى ، ١٩٩٦، دور وسائل الاعلام، فى تقديم القدوه للشباب الجامعى، ت ١، دار الفجر للنشره و التوزيع، القاهره، ص ٢٣٨ )

٧ (محمد ياسر خواجه و اخرون،١٩٩٩، دراسات فى المجتمع العربى العاصر، ت ١، هالى للتابعه والنشر، دمشق، س ٢٦٠، نقلا عن جلال احمد عبدالله،٢٠٠٤، ڕەهەندەکانی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەنجان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ل ٩. )

ئاکادیمی و پیشەی خۆی بدات، دێت بۆ زانکۆ کە هەڵگری ڕستێك لە بەها و ڕێنوێنیە کە ڕێکخراوە لە لایەن دەستگا پەروەردەیەکانی ترەوە[8].

- پێناسی ڕێکاری توێژەر بۆ خوێندکاری زانکۆ: مەبەست لەو توێژەی گەنجانە ( کوڕ و کچ ) کە لە تەمەنێکی دیاریکراودا دەچنە دامودەزگاکانی زانکۆ بە مەبەستی بە دیهێنانی ڕۆشنبیری ئاکادیمی کە ئامانجیان بونە بە نەوەیەکی مرۆڤ دۆستی تەندروست کە لە ڕاژەی مرۆڤایەتیدا بن.

**٢- لایەنی تیۆری توێژینەکە**

**٢-١ گێچەڵی سێکسی لە لێکدانەوەی تیۆری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی:**

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی بەردەوامی کۆمەڵ، بۆ دەستەبەرکردن و جێگیرکردنی ستەم و دامەزراوە و دەستەی بەڕێوبردن.پێویستە لەسەر دەوڵەت کە ڕێسا و یاسای گشتی بسەپێنێ بەسەر هاوڵاتیاندا بەشێوەیەکی یەکسانی بۆ پاراستنی هەردوو بونیادی کۆمەڵ کە ماف و ئەرکە.هەموو ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی لە ڕووی ئەرکەوە بەدوو فەرمانی گرنگ هەڵدەستێت، کە کارکردنە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە یەکەمینەکانی مرۆڤ و دەستگرتن بەسەر حەز و ئارەزوو پاڵنەرە بنەرەتیەکاندا، فەرمانی دووەم کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری تاکەکان و دەستگرتن بەسەریدا وە گۆڕینی هەڵوێستی تاکەکان لە بەرامبەر چۆنیەتی پڕکردنەوەی ئارەزووەکانیان، هەروەها بەرامبەر مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتری[9].

( هیرشی) هەستاوە بە دانانی ڕەگەزە سەرەکیەکان لە ڕاڤەکردن و پەیوەندی تاك بە کۆمەڵەوە، ئەو ڕەگەزانە ئەمانەن:

١- پێوەنوسان یا پابەندی (Attachment) :

مانای وەڵامدانەوەی تاکە ڕەگەز بۆ بیروڕا و لێکدانەوەی سەرگەورەکانی تر.هەتا تاك پەیوەندی زیاتر بێت بە سەرگەورەکانی ترەوە شێوە و هەڵسووکەتی هەڵەشەی بەردەوامی کارە جیاوازەکان کەمدەبێتەوە.

٢- نقوومبوون (Involvement):

مانای کاتی گەیشتن بە بەرهەمهاتن لە چالاکی لاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتی، کاتێك تاك نقوومدەبێت لە چالاکی ڕۆژانە.دوور دەکەوێتەوە لە هەڵسووکەوتی هەڵەشەیی بەهۆی سەرقاڵ بوونی بەردەوامی کاری ڕۆژانەیەوە.

٣- پابەندبوون (Commitment):

مانای کرداری پاساوهێنانەوەی تاکە لە هەڵسووکەوتی پەیوەندار بە هێنانەدی ئامەنجە نەریتێکانی.

٤- باوەربوون (Believe):

مانای ڕێژەی نوێنەرایەتی تاك بە سەرچاوەکانی کۆمەڵەوە، کاتێك تاکێك هەڵسووکوتێکی هەڵەشە دەکات، هیچ ڕێزێك دانانێت بۆ بەها و یاسا و رژێمەکان.

---

٨ (محمد ابراهيم عبدة، ٢٠٠٣، دور التربية فى المستقبل الوطن العربى، ت ١، دار مجد لاوى، القاهرة، ص ٢٢٢، ٢٢٣.)

٩ (د. ئيبراهيم ناصر، زانستي كؤمةلَناسي ثةروةردةيي، و:دانا نادر محةمةد، ض ١، ضاثخانةي ضوارضرا، ٢٠١٣، ل ١٤٩.)

**جۆرەکانی تیۆری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی**

یەکەم: تیۆری هەل (چانس) (Opportunity Theory)

ناوەرۆکی ئەم تیۆریە دەڵێت: کاتێك گێچەڵ لە شوێن و کاتێك ڕوودەدات، پێویستی بە باڕوودۆخێکی دیاریکراو هەیە، وەك بوونی ئامانج، کەسی پاڵنەر بۆ گێچەل، نەبوونی پارێزەری پێویست دژی گێچەڵکردن (نەبوونی دەستگای پۆلیس یا چاودێری ناوەکی لای تاك یا کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی).تیۆری هەل پێکهاتووە لە چەند تیۆرێکی تر، کە دەرکردەی ئەو بیرۆکەیەیە کە هەل قۆستنەوە تاوان دروستدەکات[١٠].

دووەم: تیۆری تەرزی ژیان:

دەکرێت لە دوو توێی ئەم تیۆرەدا ڕاڤەی هەڵسووکەوتی توندوتیژی تاك بکەین، کە بەهۆی شێوەی ژیانی قوربانییەکەوە لە کاتی مامەڵەی لەگەڵ تاوانباردا.یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی پێویستی قوربانییەکە بە خەڵات لەلایەن تاوانبارەوە، وە وا لە قوربانییەکە دەکات کە نەتوانێ هیچ بەرپەچدانەوەیەکی کردەی گونجاو بۆ ئەو هەڵسووکەوتەی نەبێت[١١] .

٢-٢ هۆکارەکانی گێچەڵی سێکسی دەگەڕێتەوە بۆ :

کارێکی ئەستەم و قورسە بتوانین هۆکارەکانی گێچەڵی سێکسی بگێرینەوە بۆ تەنها یەك هۆکار، چونکە ئەم دیاردەیە بەرفراوان و چڕو ئاڵۆزە زۆر هۆکاری دەرەکی و ناوەکی و شاراوە و پەنهان لە دواوەین، بەڵام لێرەدا دەکرێت دەستنیشانی هەندێ لەو هۆکارانە بکەین کە ئەبنە هۆی دەستدرێی سێکسی

١ – ڕووخان و وێرانبونی باری ئابووری:

دەتوانین باری ئابووری بەهۆکاری سەرەکی دابنێین بۆ شێوازی باری خێزان و تاکەکانی ناو کۆمەڵگا، کە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر ڕێژەی بژێوی خێزانیەکان و بەرزبوونەوەی بێکاری و هەژاری، لە ئەنجامدا تاکەکانی ناو کۆمەڵگا ناتوانن وەك پێویست بچنە پرۆسەی هاوسەرگیری، بۆیە پەنا دەبەن بۆ تێرکردنی ڕەمەکی سێکسی بە شێوەیەکی ڕێگەپێنەدراو.قەیرانی ئابووری و قەیرانی بەهاکان، بەشداربیەکی بەرەوڕوی هەیە لە وروژاندنی هەندێ هەڵسووکەوتی ناتەندروست، وەك گێچەڵی سێکسی، کرانەوەی سیاسەتی ئابووری کە کۆمەڵگا ڕووبەروی دەبێتەوە، ئەبێتە هۆی گۆڕانێکی خێرا و گشتگیر[١٢].

زۆربەی جار ژنان دوردەکەونەوە لە کەرتی ئابوری تایبەت بەهۆی نەبوونی پارێزگاری یاسایی بۆیان، چونکە ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە و دامەزراوەی یاسایی لاواز و بێتوانایە بەرامبەر پارێزگاری یاسایی، کە خۆی لە سزایەکیدا بەرجەستە بکات لە حاڵەتی دەستدرێژی لە کاتی کارکردنا یان بەهۆی کارکردنەوە، کە پێویستە دەقێك هەبێت ئەو دەستدرێژییە بە تاوان ئەژمار بکات بەهۆی کارەوە یان لە کاتی کارکردندا[١٣].

٢- قەرەباڵغی هۆیەکانی گواستنەوە:

لە زۆربەی وڵاتە دواکەوتوەکاندا قەرەباڵغی وچڕی دانیشتوان دیاردەیەکی ڕوون و ئاشکرایە، ئەم دابەشبوونە نا هەوسەنگە دەبێتە هۆی پێکدادان و بەریەککەوتنی دانیشتوان، بەتایبەتی لە شوێنە گشتی و شەقامەکان و بازارەکان و

١٠( علاء عبد الحفيظ المجالى ، أشكال التحرش الواقع على الطالبات فى الجامعات الأردنية الحكومية و الخاصة، جامعة مؤتة، ٢٠٠٩، ص ١٦.)

١١ (نفس المصدر، ص١٧.)

١٢ (مديحة أحمد عبادة، مصدر السابق، ص ٣٧.)

١٣ (عادل عةلي، ثرسي ذن لة ضةند دةقيَكي وةأطيأدراودا، ض ١، دةزطاي ضاثخانةي حةمدي، ٢٠١٦، ل:٦٠.)

شوێنی گواستنەوەی خەڵکی و نەخۆشخانەکان، هەروەها بەتایبەتی لە کاتی تێکەڵبوونی خوێندکارانی کوڕ و کچ لە قوتابخانەکان و زانکۆکان بۆ سەرەگرتن چ بۆ خواردن یان چوون و هاتنە دەرەوە لە هۆڵەکانی خوێندن.

زۆرجار ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی دەستدرێژیکردنی سێکسی بۆ سەر مێینەکان، بە قۆستنەوەی هەل لەلایەن نێرینەکانەوە لە کاتی جەنجاڵی و بەریەککەوتنیان، وە جۆری دەستدرێژییەکە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت، چ بە دەست بردن یان نزیك بوونەوە لێیان، یان قسە و تیروتوانجی مانا بەخشی سێکسی، زۆربەی کات کچان لەم حاڵەتەدا بێدەنگی یان خۆدوورخستنەوە هەڵدەبژێرن لە ترسی ئەوەی نەك کەسوکارەکانیان پێی بزانن و ئابڕویان بچێت.

قەرەباڵغی بەلای زانایانی کۆمەڵناسییەوە، ناونراوە بە پانتایی شارستانییەت، کە چوارچێوەی ڕووبەرێکی تایبەتی پارێزراوی کەسەکان کە بنەماکەی (٤٥) سانتیمەترە، ئاشکرایە تا ئەم ڕووبەرە شارستانییەتە بچێتەوە یەك ڕووبەڕووبونەوە و کێشەکان زیاد دەکات لە ڕەفتار و کرداری مەیلی دوژمنکاری[١٤] .

٣- هۆکارەکانی ڕۆشنبیری و بەها و ئایین:

دیارە هەر کۆمەڵگایەك خاوەنی یاسا و ڕێسای مەدەنی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ بێت، ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر هەڵسووکەوت و بیر و بۆچونی هەر تاکێکی ناوو ئەو کۆمەڵگایە.بەڵام کۆمەڵگایی کوردی، چونکە خاوەنی دەستوری مرۆڤ دۆستی نەبووە و لە دێرزەمانەوە وابەستەی بەها و کولتورێکی داخراوی سونەتی دوور لە پرنسیپەکانی مرۆڤایەتی ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە.

دەکرێت لێرەدا گێچەڵی سێکسی بگەرێنەوە بۆ کولتوری کۆمەڵایەتی لە مێژوودا، گێچەڵی سێکسی تابۆ بووە، تەنها لە حاڵەتی شڵەژان دژی ژنانی ئازاد، بەڵام گێچەڵی سێکسی بە کەنیزەك شتێکی سروشتی بووە، هەمان ڕێگەی ئەوانەیە کە بیر لە گێچەڵی سێکسی دەکەنەوە، وایدادەنێنن کە ژنانێك ئیشدەکەن لەلایەن موڵك و ماڵی ئەوان و لە ژێر فەرمانیاندان بۆیە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن تەنها وەکو شتوومەك[١٥] .

هەتا ئێستا خەڵکی بە چاوێکی زۆر سوك تەماشای ژنان دەکەن، کە دەرچوون لە بەها میراتییەکان، بۆیە پیاوی عێراقی ناچارە کە هەڵسووکەوتی دووفاقی بگرنەبەر بەرامبەر بە ژنان، لێرەدا هەندێ جارپیاوان رۆڵی (دون جوان) دەبینن، وە هەندێك جاریش رۆڵی (حاج علیوي)[١٦].

لە ڕاستیدا نموونەی زۆر هەن، کە دەیسەلمێنن ئایینە فەرمیەکان بە درێژای مێژوو، پاڵپشتی داکەوتی باویان کردوە، پاساویان بۆ دیاردەکانی وەك توندوتیژی و ستەمگەری هێناوەتەوە، لەبری ئەوەی بەرهەڵستی ڕێگریان لێبکەن.کەواتە ئاساییە لێکۆڵینەوە و چالاکی نوێخوازەکان و تێکۆشەران جێگەی گومان بن، ئەمە ئەگەر نەڵێین جێگەی لە کارخستن و ڕەتکردنەوەن[١٧].

---

١٤ (د.محمد فتحي محمد، العوامل المؤدية الى ظاهرة التحرش و دور الخدمة الأجتماعية في التعامل معها، جامعة الفيوم، كلية الخدمة الأجتماعية، ٢٠١٠، ص ٢٦.)

١٥ (أحمد محمد عبداللطيف عاشور، مصدر السابق، ص ٣٧.)

١٦ (سعد البزاز، علي الوردي في الطبيعة البشرية، ط ١، منشورات الأهلية للنشر و التوزيع، الأردن، ١٩٩٦، ص ٥١.)

١٧ (عبدالباقي الهرماسي و الآخرون، سۆسیۆلۆجیای ئاییني بوار، دةسكةوت، لێترسين، و: ئةكبةر حةسةن، طۆظاري كۆمةلاَيةتي سةردةم، ذمارة ١٠، ٢٠٠٩، ل ٦٠.)

٤ – هەڵوەشاندنەوەی خێزان:

دەرئەنجامی توێژینەوە زانستییەکانی ئەو بوارەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆربەی منداڵ ومێردمنداڵە لاسار و سەرەڕۆیەکان لەو خێزانانەدا پەروەردە بوون کە بەردەوام شەڕ و ئاژاوە و ناخۆشی تیایدا بووە، یان تووشی لێك ترازان و جیابوونەوەی ژن و مێرد بوون[١٨] .

هەڵوەشاندنەوەی خێزان پاشماوەی زۆر کاریگەر بەجێدەهێڵێت لەسەر ئەندامەکانی خێزان، بۆیە هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی جیابوونەوەی باوان لەسەر منداڵان زۆر ئەستەمە، منداڵان لە دوای جیابوونەوەی باوانیان لە ڕاستیدا زۆربەی جاران پەرێشانییەکی سۆزداری ئاشکرا و ئازار دەچێژن، ئەو منالانەی کە لە تەمەنێکی پێش قوتابخانەدا بوون، سەرلێشێواو تۆقیوبوون، و زۆر جار خۆیان بەهۆی ئەو جیابوونەوەیە بە خەتابار دەزانی بە شێوەیەکی راستەقینەتر لە هەمبەر ژیانیاندا ناڕازی و تووشی خەمۆکی و هەستکردن بە تەنیایی بوون[١٩].

بێگومان جیابوونەوەی خێزان ڕۆلێکی گەورە دەبینێت لەبەر بەست دانان لە جێگیربون و نەبزاوتن، ئاسەواری جیابوونەوەی باوان دەردەکەوێت لەلای منداڵ و گۆمەڵگا بە گشتی، ئەگەر هەڵوەشاندنەوەی خێزان جیابوونەوە بێت، دەبێتە هۆی توشبونی شۆك یا ڕاچڵەکاندنی سۆزداری گەورە، شوێنەواری گرانی جیابوونەوە دەردەکەوێت لە منداڵدا، کە توشی حاڵەتێکی ناسروشتی دەبن، لەناکاو خۆیان دەبیننەوە کە دابەش دەبن لە نێوان لایەنگیری بۆ دایك یان باوك، ئەمەش جۆرێکە لە ئاژاوە و نەمانی دەستەبەری سۆزداری و دەڕوونی و ترسان لەخۆونبوون[٢٠].

٥- نەبوونی یاسا بۆ گێچەڵی سێکسی:

نەبوونی یاسا و ڕێسایەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی و قەبارەی گێچەڵی سێکسی و دەستدرێژی سێکسی بە ئاشکرا لە زۆربەی یاساکان، بەتایبەتی لە وڵاتە دواکەوتوەکان و سونەتییەکان، لە حاڵەتی بونی یاسایەکی دیاریکراودا لەبەرپەرچدانەوەی گێچەڵی سێکسی زۆربەیان وا داڕێژراون لە بەرژەوەندی پیاواندایە، دەکرێت بڵێین ژنان و کچان خۆیان هۆکارن بۆ ئەو دەستدرێژییە.دیارە بونی یاسای بەرپەرچدانەوەی گێچەڵی سێکسی پێویستە، بەڵام ئایا دیارە، بونی یاسا بەتەنها دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ رێگرتن و بەرپەرچدانەوەی ئەم تاوانە و لەناوبردن یا کەمکردنەوەی[٢١].

لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩)دا هیچ دەقێکی تێدا نییە، کە سزای تاوانی بازرگانیکردن بە کەسەکان بدات.تەنها ئەو دەقانەی تێدایە کە تاوانبارکردن لە پرەنسیپە گشتیەکاندا، بەتایبەتی لە بەندی (١٣) تەنها ئاماژەی بە بازرگانیکردن بە ژنان یا منداڵان یا کۆیلە دەدات[٢٢].

دیارە بەدامەزراوەکردنی دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەر تاکێك لەژێر سایەی دادپەروەری و مافی مرۆڤدا گوزەران بکات بەر کەناری ئارامی و خۆشبەختی دەبات، هەروەها بۆ ئەوەی هێزەکانی ناوخۆ پارێزگاری مافەکانی مرۆڤ

---

١٨ (د. كةريم شةريف قةرةضةتاني، سايكۆلۆذياي طةشة، ض ١ ، ضاثخانةي ديلان، سليَماني، ٢٠٠٩، ل ٢٧١.)

١٩ (ئةنتؤني طيدنز، كؤمةلَناسي، و:حةسةن ئةحمةد مسةفا، ض ١، ضاثخانةي ئاراس، هةوليَر، ٢٠٠٩، ل ٥٢٩.)

٢٠ (مليحة عوني القصير، د.معن خليل عمر، المدخل الى علم الأجتماع، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨١، ص ٣٣٠ – ٣٣١.)

٢١ (بشرى العبيدي، العنف المرتكب ضد المرأة، كلية القانون، جامعة بغداد، بلا سنة و مكان الطبع، ص ٢١.)

٢٢ (د.بشرى العبيدي، نفس المصدر، ص ١٣.)



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بن بەتایبەتی مێینە، دەبێت لەڕووی تیۆری و کردەیی و دیسپلینەوە ئاستێکی بەرز و پێشکەوتووی مۆراڵە مرۆییەکانیان هەبێت و پابەندبن بە بنەماکانی مافی مرۆڤەوە[٢٣].

٦- ڕۆڵی میدیا:

هەندێك لە میدیا و ماس میدیا و سۆشەڵ میدیاکان بەخواستی خۆیان یان لە نەزانینیانەوە بێت، ڕۆڵێکی ناتەندروست و نەرێنی و ناشرین دەبینن، چ بەسوکایەتیپێکردن و دەرخستنی جۆرەکانی گێچەڵی سێکسی، هەریەکەیان کەم تا زۆر دەستییان هەیە وە بەشداران لە چۆنیەتی ڕوماڵکردنی بابەتی سێکسی بە ژنان و کچان، چ لە ڕووی بڵاوکردنەوەی بیروباوەری توندڕەوی یا دژەژن چ لە پەخشکردنی هەواڵ یا ڕیکلام یا کۆڕ و کۆربەندەکاندا.

(Bandure) وایدەبینێت کە خەڵکی هەڵسوکەوتی توندوتیژی فێردەبێت لە گرتەکانی (TV)یەوە، کە پیشاندەدرێت لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، یا لە هەڵسووکەوتێکی بێشەرمانە وەك پیادەکردنی سێکسێك کە نامۆیە بە کۆمەڵگا و دورە لە ئایینەوە[٢٤].

ئامرازەکانی راگەیاندن ڕۆلێکی گەورە دەبینن لە دیاریکردنی هەڵسوکەوت و ئاراستەکردنی تاکەکان، ئەگەر خێزان گواسترەوەی گشتی زانیارییەکان و کارامەیی و ئاراستە و بەهاکان بێت کە سوودیان هەیە بۆ کۆمەڵگا، وە هەڵنان بۆ گۆڕینی ئەم بەهایانە بۆ شێوەکانی کردەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، لێرەدا ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن وا دادەنرێت بۆ درێژکراوەی ڕۆلی خێزان لە پێگەیاندنی بۆ بە کۆمەڵایەتیکردن، ئەمەش ڕێگەیەگە لە رێگاکانی بە رۆشنبیریکردن[٢٥].

بڵاوبونەوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنە ژەهراویوو سێکسیەکان، و چونە ناو ماڵپەرە بەربڵاوەکانی ئینتەرنێت.ئەوەی جێگەی سەرنجە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمرۆ یاریدەکەن لەسەر شێوازەکانی ڕایەڵی سێکسی کۆمەڵگا، وایلێهاتووە کە لاسایی رۆژئاوا دەکەنەوە لە هەموو شتێکدا، هەوڵدەدەن بۆ دەرخستنی جوانییەکانی ژنان لە ڕێگەی خۆڕوتکردنەوە و هۆکارەکانی وروژاندنەوە[٢٦].

بەجیهانیبون:

مەترسیترین دەرکەوتەکانی دوای جیهانگیری ئەوەیە ئەم قۆناغە زاڵە بەسەر شەقڵی ئاڵوزی و دردۆنگی و شێواندنی رێکخراو بەها و دەرکەوتنی دژبەری لە دەزگا کۆمەڵایەتی و فەرمییە بنەرەتییەکانی کۆمەڵگا، رەورەوەی جیهانگیری بەردەوام لە خێراییەکی تیژپەر و بەشێوەیەك لەسەر هەموو لێکدانەوە و چاوەڕوانییەکی دژ بەر بە بەها مرۆڤایەتییەکان[٢٧].

لە هەموو بارێکدا، جیهانگیری ئەو ئاراستە هاوچەرخەیە کە دەکرێت خراپ بکەوێتەوە، ئەگەر سەرجەم مرۆڤایەتی خۆی بە بەرپرسی یەکەم دەزانێت لە بەرامبەر ئەو دەرئەنجامە ترسناکانەی ئەمرۆ لە ئارادان[٢٨].

---

٢٣ (خةندان محةمةد جةزا سةرثاض، ئؤقيانوسيَك لة تاوان، ض ٥، ٢٠٠٨،ل ٣٨٣.)

٢٤ (مديحة أحمد عبادة، مصدر السابق، ص ٥٠.)

٢٥ (مديحة أحمد عبادة، نفس المصدر، ص ٤٦.)

٢٦ (أحمد محمد عبداللطيف و أخرون، مصدر السابق، ص ٣٨.)

٢٧ (مديحة أحمد عبادة، مصدر السابق، ص ٢٩.)

٢٨ (ئاوات محةمةد، جيهانطيري طوتاري أؤشنبيري، طؤظاري مةدةنيةت، ذمارة ٢ سالَي ١٩٩٩، ل ١٧٦.)

ئەگەر بێتوو سەیرێکی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بکەین کەوا ڕاهاتوون لەسەر تێکەڵاوبونی هەردوو ڕەگەزەکە، دیاردەی گێچەڵی سێکسی بەدیناکرێت، یا ئەگەر هەبێت زۆر کەمە، لێرەدا پیاو پێویستی بەوە نییە گێچەڵی سێکسی بکات بە ژنان، چونکە وا ڕاهاتوون کە لە منداڵییەوە هەردوو ڕەگەزەکە تێکەڵکراون لە خوێندنگا و گەشت و گوزار و کەس ڕێگەی لێناگرێت یان سەرزەنشتی بکات[٢٩].

٧- لاوازی پەیوەندیە خێزانییەکان:

دیارە خێزان یەکەیەکی بنەمای پێکهاتنی کۆمەڵگایە، کە ئاوێنەیەکە بۆ ڕەنگدانەوەی تەرزە جیاوازە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان.ئەوە خێزانە کە دەبێتە هۆی دیاریکردن و هەڵبژاردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان چ ئەرێنی یان نەرێنی.هەرتاکێکی کۆمەڵگا لە ڕێگەی پەروەردەوە و بە کۆمەڵایەتیکردنەوە (Socialization) دەبێت بە تاکێکی سیڤیل، ئەم پرۆسەیەش لە ڕێگای خێزانەوە بەرهەمدێت.لێرەدا ئەگەر هاتوو خێزان وەك پێویست هەڵنەستێت بە پەروەردەیەکی تەندروست و مرۆڤ دۆست، ئەوا تاکێکی ناتەندروست بەرهەمدێنێت و کاریگەری هەیە لەسەر سەرجەم تاکەکانی ناو کۆمەڵگا، چ بە لادان بێت لە بەها مرۆڤایەتییەکان یان توشبونی خووڕەوشتی ناپەسەند کە پەنا بەرێت بۆ تێرکردنی ڕەمەك سێکسیەکانی لە ڕێگای دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی، گێچەڵی سێکسی بە ژنان و کچان ئامرازێکە بۆ راڤەکردنی برسێتی سێکسی کە پیاوان هەستی پێدەکەن لە کۆمەڵگایەکی ڕوپۆشکراودا[٣٠] .

٨- حاڵەتی نەخۆشی و دەروونی هەندێ لە گەنجان:

لە سەردەمی هەرزەکاریدا هەرزەکاران ڕووبەڕووی چەندەها گیروگرفت و گرێی دەروونی دەبنەوە.کە دەبێتە هۆی شڵەژانی دەرونی و هەندێ جار هاوسەنگی خۆی لە دەست دەدات، یان لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە فسیۆلۆژی و جەستەییە خێراییەی کە ڕوودەدات و حەز و ئارەزووی سێکسی چەکەرە دەکات، هەروەها ئەو ژن و کچانەی کەتووشی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە لەلایەن ئەو نێرینانەی کەوا تووشی شڵەژانی دەرونی بوونەتەوە، ئەوا پاشماوە و ئاسەواری دەرونی بەجێدەهێڵێت لەسەر دەرونی ژنان، چونکە ئەو ژنانەی بە منداڵی دەستدرێژی سێکسیان لێکراوە دووچاری زەبری دەروونی دەبن و زۆربەیان تێگەیشتنی هەڵەیان لە ڕەفتار و نۆرمی سێکسیدا دەبێت.ئەو کەسانەی پرۆسەی سێکسکردن بە هەست و یادگارە تاڵەکانیان دەبەستنەوە و هەست بە پەشۆکان و سەر لێشێواوی و نا ئاسوودەیی دەکەن لەوەی پەیوەندی بە نۆرمی سێکس و لێکچوو بە سێکسەوە هەیە [٣١].

٩- منداڵان و گێچەڵی سێکسی:

دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان شێوەیەکە لە شێوەکانی توندوتیژی و توندڕەوی کە پیادە دەکرێت بەرامبەر بە هەر تاکێکی کۆمەڵگا، ئەم تاوانانە یاسا و نەریتی کۆمەڵ بەڕەنگاری دەبنەوە، چونکە دەبێتە هۆی ئەتکردن و شێواندنی جەستە و خوودی قوربانییەکە لە ناو کۆمەڵگادا. منداڵانی بێبەش نیین لە دەستدرێژی سێکسی، ئەم حاڵەتەش درێژەپێدەر و نموونە و تەواوکەری گێچەڵی سێکسیە بە کچان و ژنان لە داهاتوودا، منداڵانیش بۆیە دەکرێنە ئامانج، چونکە هێز و دەسەڵات و خاوەنی بیرکردنەوەیەکی ئەوتۆی نییە بتوانێ پارێزگاری لە خۆی بکات، بۆیە زۆربەی جار دەبێتە ئامانجی گەورەکان بۆ دەستدرێژی کردنە سەریان.

---

٢٩ (سعد البزاز، مصدر السابق، ص ٥١.)

٣٠ (د.علي الوردي، مصدر السابق، ص ١٧)

٣١ (كاوة ب.محةمةد ئةمين، تاوانة سێكسييةكان لة قانووني سزاي سويديدا، ضاثخانةي أؤشنبيري، هةولێر، ٢٠١٣، ل ٨٤.)

کەواتە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان بریتییە لە (بەیەك گەیشتنێکی زۆرەملێ و فێڵبازانەیە کە یاری بە منداڵان دەکرێت، لەلایەن کەسانی بەتەمەنتر لە خۆی بە ئامانجی بەدیهێنانو و تێرکردنی ڕەمەکی برسێتی سێکسی[٣٢].

١٠- توندوتیژی سێکسی:

توندوتیژی سێکسی و بەتایبەتی دەسدرێژی و هەڕەشەلێکرنی دەستدرێژی کردنە، کە مانا بە دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ژناندا دەبەخشێت.هەموو ژنان وەڕزن بەدەست ئەو مەسەلەیەوە و ئازاری لێ دەبینن، تەنانەت، ئەگەر ڕاستەوخۆش دەستدرێژییان نەکرابێتەسەر.هەر ئەم ترسەی کەوتنەبەر دەسدرێژی کردنە، کە ژنان لە ملکەچی و کۆت و بەنددا دەهێڵێتەوە[٣٣].

هەندێ کەس ژنان بەرپرس دەکەن بۆ گێچەڵی سێکسی بەهۆی دەرخستنی زیاد لە پێویست لە ڕوکاری جوانیان، یا بەهۆی جۆری پۆشاکەکانیان کە لە بەریدەکەن.بەڵام داکەوت جەغت لەوە دەکاتەوە کە دیاردەی گێچەڵ تەنها ڕووی ژنانی سفور ناگرێتەوە یا ئەو کچانەی کە جۆرێك پۆشاك لەبەردەکەن، بەڵکو ئەو ژنانەیش دەگرێتەوە کە باڵاپۆشن، گێچەڵی سێکسی کردارێکی جیاکراوەی زایندەییە ئامانجی ڕەگەزی مێینەیە لە هەچ شێوە و پۆشاکێکدا بێت[٣٤].

**٣-٢ هۆکارەکانی بێدەنگ بوونی مێنە لە بەرامبەر دەستدرێژی سێکسیدا:**

١- شوێن و پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی مێینە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامییەکاندا لە چاو پیاودا جیاوازییەکی گەورە و بەرفراوانی هەیە، چونکە ئێستاشی پێوەبێت، وێنای کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی پاتریارکی و یا نێرسالاری و جێگە و پێگە و متمانەی جیاکراوەی بەرچاوی هەیە.ئەم کاروکردەوە و هەڵسووکەوتانە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر بیروباوەر و بۆچونی پیاوانەیان، کێشەی پیاوان بەرامبەر ژنان سەیرکردن و کردنیان بە ئەنسترۆمێنتەلایزکردنی (بەکەرەستەکردنی) بەمانای کردنیان بە کاڵا یان شتومەکی ماتەری.زۆربەی جار لە ئاخاوتن و گوزارشتەکانیان بەدیار دەکەوێت وەك بە ژن و کچەکەی دەڵێت (ماڵەکەم)، دیارە ئەم گوزارشتە مانا و بەڵگەی زۆر هەڵدەگرێت!.

٢- کاتێك مێینەیەك توشی گێچەڵی سێکسی دەبێت لەلایەن نێرینەکانەوە بەهەموو جۆر و شیوەکانییەوە، زۆربەی جار بێدەنگی هەڵدەبژێرن، چونکە زۆربەی جار ئەستەمە کە ژنان بتوانن سکاڵا و داد و کێشەکانیان بگەیەننە بەردەم بەرپرس و دەزگا ئەمنییەکان، ئەویش بەهۆی نەبوونی گەواهی دان لە بەرژەوەندی مێینەکاندا.بە بۆچۆنی (سۆزان براون میلەر) بەختکردن لەسەر پەیوەندییە نزیکەکانی نێوان دەستدرێژی سێکسی و ئارەزووە سێکسیەکانی سروشتی پیاوان، بەڵگەی هێناوەتەوە کە دەستدرێژی سێکسی بەشێکە لە سیستەمی هەڕەشەی پیاوان، کە تێکڕای ئافرەتان لەناو بازنەی ترس و وەحشەتدا دەهێڵێتەوە، ئەو ئافرەتانەی کە تووشی دەستدرێژی سێکسی نەبوونەتەوە، تووشی هەندێك خەمۆکی دەبنەوە کە بەم جۆرە دەوروژێن و پێویستە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا زیاتر لە پیاوان هۆشیاربن[٣٥].

٣٢ (مي بنت كامل محمد بوقري، إســاءة المعاملة البدنية و الاهمال الوالدي و الطمأنينة النفســية و الأكتئاب لدى عينة من تلميذات المرحلة الأبتدائية (١١ – ١٢) بمدينة مكة المكرمة، كلية التربية، جامعة أم القرى، ١٤٣٠ هـ ، ص ٣٤.)

٣٣ (جيةن فريدمةن، فيمينيزم، و:فةرشيد شةريفي، ١٣٨١، بيَ ضاث، ل ١٣٥.)

٣٤ (شمخي جبر ، تزايد ظاهرة التحرش ضد الفتيات بأستخدام أساليب جديدة، ٢٠١٣/٧/٣٠، alsabaah.iq )

٣٥ (ئةنتؤني طيدنز، سةرضاوةي ثيَشوو، ل ٢٦٥.)

**٣- توێژینەوەکانی پێشوو:**

**١-٣ توێژینەوەی (حسن علوان حسين بيعى و عبدالامير رباط عبدالجبوري) لە پارێزگای بابل، ٢٠١٤.**

**(** التحرش بين تلاميذ المدارس الابتدائية من وجهة نظر المعلمين فى محافظة بابل)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەڵوێستی مامۆستایانە بەرامبەر کێشەی گێچەڵی سێکسی لە نێوان خوێندکارانی خوێندنگا سەرەتاییەکاندا.هەروەها زانینی هۆکارەکانی ئەم کێشەیە لە دید و بۆچوونی مامۆستایان، لەدوو توێی تێبینی مەیدانیەوە.توێژەر نموونەیەکی هەڕەمەکی وەرگرتووە کە پێکهاتووە لە نموونەی (٢٢٨) مامۆستایانی ژن و پیاو لە شار و لادێ.

ڕێژەیەکی زۆر لە مامۆساتایان کە دەگاتە نموونەیەکی (٨١,٦ %) بڕوایان وایە کە کێشەی گێچەڵ لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا کێشەیەکی بەربڵاوە.هەروەها ڕێژەی نموونەی یەکەی (١٢,٣ %)ی ژنان لە ژیانیاندا توشی گێچەڵ بوونەتەوە کە زۆربەیان ژنانن وە ڕێژەی یەکەکانی نمونەی (٨٩,٥ %)ی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ڕێنماییەکانی فێرکردن لە خوێندنگاکاندا.

**٢-٣ توێژینەوەی (رشا محمد حسن) ٢٠٠٨.**

(التحرش الجنسى من المعاكسات الكلاميه حتى الاغتصاب)، توێژینەوەیەکی سۆسیۆلوجیە لە شاری (القاهره) ئەنجامدراوە لە (المركز المصري لحقوق المرأة).

ئەم توێژینەوەیە بە ئەنجامدراوە بە ئامانجی گەیشتن بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەی گێچەڵی سێکسی، نموونەی توێژینەوەکە (٢٥٠٠) کەسە لە ژنانی میسری و بیانی، توێژەر گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە ئەو ژنانەی زیاتر تووشی گێچەڵی سێکسی دەبن لە تەمەنی (١٩ – ٢٥)ساڵیدا، شێوە و ڕوکاری گشتی ژنان هۆکاری سەرەکیە بۆ پاڵنەری گێچەڵی سێکسی.توێژەر لە توێژینەوەکەیدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی دیاردەی گێچەڵی سێکسی ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندایە لە کۆتاییدا توێژەر هەستاوە بەدانانی چەند ڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە.

**٣-٣ توێژینەوەی (مديحه أحمد عباده و خالد كاظم أبو دوح) ٢٠٠٧.**

(الأبعاد الأجتماعية للتحرش الجنسى فى الحياة اليومية) محافظه سوهاج، القاهرة.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پشکنینی سروشتی کردەوەی گێچەڵی سێکسی بە خزم و کەسوکارە نەشیاوەکان.هەروەها زانینی شێوە و جۆرەکانی گێچەڵی سێکسی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا لە نێوان مێینە و ژینگەی کۆمەڵایەتی، توێژەر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە گێچەڵی سێکسی بە شێوە جۆراوجۆرەکانیەوە دیاردەیەکی بەرچاوە لە نێوان نموونەی توێژینەوەکەیدا بە ڕێژەی (٧٨,٦ %)ی وە بە بەردەوامی ئەم دیاردەیە لە هەڵکشاندایە دژی ژنان، توێژینەوەکە جەغت دەکاتەوە کە (٦٢,١ %)ی لە نموونەی توێژینەوەکە هەموو ژنان ڕووبەڕوی کردەی گێچەڵی سێکسی دەبن، نەك تەنها بەشێك لە ژنان.

**٤-٣ توێژینەوەی (جيرى فين) (Finn,J.) ٢٠٠٤.**(توێژینەوەی ڕووپێوییەکەی گێچەڵی سێکسی هێڵەکانی ئینتەرنێت لەنێوو زانکۆدا، گۆڤاری توندوتیژی نێوان کەسایەتییەکان، لە زانکۆی (هامشر).

نموونەی توێژینەوە کە پێکهاتووە لە نموونەی (٣٣٩) خوێندکارانی کچ و کور لە زانکۆ، توێژەر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە بە ڕێژەی (١٥ – ١٠ %)ی خوێندکاران تووشی ڕووبەڕووبوونەوەی گێچەڵی سێکسی بونەتەوە بەهۆی نامە ئەلکترۆنییەکانەوە، کە ناوەرۆکەکەی هەڕەشە لێکردن و سوکایەتیپێکردنە، وە ڕێژەی (٧٪)ی خوێنکارانی نمونەکە

دەستگا پەیوەندارەکانیان ئاگادارکردۆتەوە لەو تەنگپێهەڵچنینە، وە زۆرجار خوێندکارە کوڕەکان نامەی ئەلکترونی سێکسی خوێندکارە کچەکانیان پێگەیشتووە.

٥-٣ **توێژینەوەی (میکسن هـ .کایوني)، ٢٠٠٩**

(ئاڵنگاریەکانی (تحديات) توێژینەوە لەسەر گێچەڵی سێکسی لە خوێندنی باڵادا ئەزمونێك لە ئاڵنگاریەکانی زانکۆی مالاویس).

ئەم توێژینەوەیە ئاماژەیە بە دەرخستەیەکی توێژینەوەی پەیوەندی ئەمریکی بۆ زانکۆکان لە دامەزراوە زانستییەکان.توێژەر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە نموونەی (٦٢ %)ی خوێندکارانی کۆلیژ توشی گێچەڵی سێکسی بونەتەوە.هەروەها جەغت دەکاتە سەر ئەوەی کە گێچەڵی سێکسی کارێکی بەربڵاوە لە هەردوو بەشی تایبەتی و گشتی، لە (٣٩ %)ی نموونەکە ڕوودەدات لە ماڵەکانی خوێندکاران و (٣٧ %)ی نموونەکە ڕوودەدات لە دەرەوەی زانکۆکان وە (٢٠ %)ی نموونەکە لە هۆڵەکانی خوێندنی زانکۆکان.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**٤- ڕێککاریە مەیدانیەکان**

لەم بەشەدا ئەو هەنگاو وڕێککارییەکانی لایەنی مەیدانی ڕوون دەکاتەوە، جگە لە دەستنیشانکردنی ڕێبازی توێژینەوە وکۆمەڵگەی بنەڕەتی ونمونە، هەروەها ئامرازەکانی توێژینەوە وئەو ڕێککاریانەی گیراونەتەبەر بۆ بونیادنانی پێوەر ودەستنیشانکردنی کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان، لەتوێژینەوەکەدا لەخۆدەگرێت.

**١-٤ میتۆدی توێژینەوە:**

توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا میتۆدی پەسنی بەکارهێناوە بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بەوپێیەی توێژینەوەکە لەهەوڵی پەسنکردنی دیاردەی گێچەڵی سێکسی دایە بە تایبەتی لە ناوەندەکانی خوێندن دا، هەروەها ئەو ڕەنگدانەوانەی لەئێستادا لە ئەنجامی دیاردەکەوە دەرکەوتوون لەسەر گەنجان.

**٢-٤ کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگای توێژینەوە گروپێکە لە کەسان کە خاوەن چەند تایبەتمەندییەکی دیمۆگرافی یاخود پیشەیی یان کولتوری یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی دیاریکراون، کەدەتوانرێت لێیانەوە سامپڵی توێژینەوەکە هەڵبژێردرێت، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە خوێندکارانی ڕەگەزی مێینە لە زانکۆی سلێمانی کە ژمارەیان (1841) خوێندکارە.

**٣-٤ نمونەی توێژینەوە:**

لەبەر ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە زۆر خەسڵەتەوە چونیەکن بۆیە توێژەر نمونەی توێژینەوەکەی بە شێوەی هەڕەمەکی سادە وەرگرتوە کە تێیدا توێژەر (٢٧٥) فۆرمی بەسەر نمونەکە دا دابەشکردوەو پاش گەراندنەوەی فۆرمەکان و ڕاستاندنیان تەنها (٢٥٠) فۆرم، وەك نمونەی شیاوی توێژینەوەکە قبوڵ کرا.

**٤-٤ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

توێژەر بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان لە لێتوێژراوان پرسیارنامە (فۆرمی ڕاپرسی) بەکار هێناوە، سەرەرای ئەوەی توێژەر لە ڕێگەی تێبینیکردنەوە، وەك ئامڕازێکی کۆکردنەوەی زانیاری، زانیاری و بەرچاورونی زۆری دەستکەوتوە بۆ زیاتر بە پێزکردنی توێژینەوەکە.

پرسیارنامەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتوە کە بەشێکیان تایبەتە بە زانیاریە کۆمەلآیەتی و ئابوریەکانی لێتوێژراوبەشی دووەم بریتیە لە (٣٥) پرسیار کە لەڕێگەیانەوە زانیاریەکان بەدەستهاتوون.

**٥-٤ڕاستگۆیی وجێگیری:**

**١-٥-٤ ڕاستگۆیی**

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەرەکە (الصدق الظاهري):** بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستگۆیی پێوەرەکان توێژەر هەستاوە بەخستنەڕووی پێوەرەکە بۆ ژمارەیەک لەپسپۆڕانی بوارەکانی(پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی) کەژمارەیان(١٣) پسپۆرە، توێژەر داوای لێکردوون لەڕێگەی بەکارخستنی پسپۆڕی وتوانایانەوە دڵنیا ببنەوە لەگونجاوی بڕگەکان، لەڕووی داڕشتن و ماناوە، لەگەڵ هەر گۆڕانکاری و زیادکردنێک کە بەپێویستی بزانن.

وە بۆ بەجێگەیاندنی راستگۆی ناوەڕۆك توێژەر ئەو بڕگانەی لابردووە کە زیاتر لە(٧) پسپۆر بەباشیان نەزانیبێت لەسەر ئەو بنەمایەی کە ژمارەی پسپۆرەکان (١٣) کەسە، ئەگەر هاتوو بڕگەیەک(٧) پسپۆر بەگونجاوی نەزانی ڕاستەخۆ لادەبرێت وخۆئەگەر کەمتربوو لەو ژمارەیە واتە زۆرینەی لێی ڕازین دەمێنێتەوە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەوپێیەش ژمارەی ئەو بڕگانەی کە لە راپرسیەکەدا ماوەتەوە تەنها (٣٥) پرسیارە لە کۆی (٥٤) پرسیار، بەبەکارهێنانی (کا٢) ڕەزامەندی پسپۆڕان دەرهێنراوە کەلە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠١) دابوون بۆ بڕگەکانی هەردوو پێوەر.هەروەک لەخشتەی (١ )رونکراوەتەوە

خشتەی( ١ ) ڕاستگۆیی بۆ پێوەری توێژینەوەکە

| بڕگەکان | نارازی | رازی | ڕێژەی رازی | ڕێژەی نارازی | بەهای کا٢ | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 3,4,23 | ١ | ١٢ | 92.31 | 7.69 | 11.08 | ٠,٠١ |
| 10,17,26,30,31,32,34,38,39,40,41, 42,45,49 ,50,51,52,53,54 | ٢ | ١١ | 84.62 | 15.38 | 9.31 | ٠,٠١ |
| 22,23,33,36,48 | ٣ | ١٠ | 76.92 | 23.08 | 7.69 | ٠,٠١ |
| 35,37,44,48 | ٤ | ٩ | 69.23 | 30.77 | 6.23 | ٠,٠١ |
| 11,12 | ٥ | ٨ | 61.54 | 38.46 | 4.92 | ٠,٠١ |
| ١٣ | ٦ | ٧ | 53.85 | 46.15 | 3.77 | ٠,٠١ |
| 28,29,1,2,5,6,7,9,14 ,15,16,18,19,20,21,25,27 ,43,47 | ٧ | ٦ | 46.15 | 53.85 | 2.77 | ٠,٠١ |
| ٨ | ٨ | ٥ | 38.46 | 61.54 | 1.92 | ٠,٠١ |

نمرەی ئازاد = ژمارەی پسپۆرانی ڕەزامەند-١ ١٣-١= ١٢

**٤-٥-٢ جێگیری:**

دوای پراکتیزەکردنی پێوەرەکان بەسەر نمونەی توێژینەوەکە وداخڵکردنی داتاکان لەڕێگەی پاکێجی(SPSS)ەوە بەڕێگای ئەلفا کرونباخ جێگیری بۆ وەڵامی(٥١) بەشداربووی نمونەکە وەرگیراوە بەشێوەی هەڕەمەکی، بۆ گشت پیوەرەکان بەشێوەی جیاجیا، لەڕێگەی هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ کاری هەڵسەنگاندنی جێگیرکردنی پیوەرەکان کراوە، وەک لە خشتەی(٢) خوارەوەدا خراوەتەڕوو.

خشتەی (٢) هاوکۆلکەی کرۆنباغ بۆ ئاستی جێگیری

| ژمارەی برگە | ئەلفا کرۆنباغ |
|---|---|
| ٣٥ | 0.٩٢ |

ئەنجامە بەدەستهاتوو (٠,٩٢) ئاستی بەرزی جێگیری بڕگەکان دەسەلمێنێت، چونکە بە پێی پێوەری کرۆنباخ تا پێوانەکە لە ژمارە یەك نزیك بێتەوە هێزی بڕگەکە زیاد دەکات.

**٤-٦ ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە:**

١. کـــا٢ بەمەبەستی دۆزینەوەی ئاستی بەڵگەداری جێگیری پێوەرەکە.
٢. ئەلفا کرۆنباخ (Alpha Chronach) بۆ دەرهێنان ودۆزینەوەی جێگیری پێوەرەکان.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٣. بەکارهێنانی ناوەندی شیاو بەمەبەستی دەرخستنی ئەو بڕگانەی بەرزترین ئاستیان بەدەستهێناوە لەگەڵ نزمترین ئاستی بڕگەکانی پێوەرەکان.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## ٥- خستنە ڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

### ١-٥ ئەنجامە بەدەست هاتووەکان

| برگەکان | بەڵێ | | نەخێر | | نازانم | | ناوەندی شیاو | کۆیی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | | دوبارە | ڕێژە |
| 1 | 190 | 76% | 55 | 22% | 5 | 2% | 2.74 | 250 | 100% |
| 2 | 170 | 68% | 75 | 30% | 5 | 2% | 2.66 | 250 | 100% |
| 3 | 95 | 38% | 140 | 56% | 15 | 6% | 2.32 | 250 | 100% |
| 4 | 197 | 79% | 53 | 21% | 0 | 0% | 2.788 | 250 | 100% |
| 5 | 180 | 72% | 70 | 28% | 0 | 0% | 2.72 | 250 | 100% |
| 6 | 50 | 20% | 20 | 8% | 180 | 72% | 1.48 | 250 | 100% |
| 7 | 215 | 86% | 35 | 14% | 0 | 0% | 2.86 | 250 | 100% |
| 8 | 30 | 12% | 70 | 28% | 150 | 60% | 1.52 | 250 | 100% |
| 9 | 199 | 80% | 48 | 19% | 3 | 1% | 2.784 | 250 | 100% |
| 10 | 20 | 8% | 32 | 13% | 198 | 79% | 1.288 | 250 | 100% |
| 11 | 45 | 18% | 75 | 30% | 130 | 52% | 1.66 | 250 | 100% |
| 12 | 169 | 68% | 80 | 32% | 1 | 0% | 2.672 | 250 | 100% |
| 13 | 156 | 62% | 89 | 36% | 5 | 2% | 2.604 | 250 | 100% |
| 14 | 203 | 81% | 40 | 16% | 7 | 3% | 2.784 | 250 | 100% |
| 15 | 111 | 44% | 129 | 52% | 10 | 4% | 2.404 | 250 | 100% |
| 16 | 11 | 4% | 57 | 23% | 182 | 73% | 1.316 | 250 | 100% |
| 17 | 197 | 79% | 39 | 16% | 14 | 6% | 2.732 | 250 | 100% |
| 18 | 209 | 84% | 41 | 16% | 0 | 0% | 2.836 | 250 | 100% |
| 19 | 187 | 75% | 63 | 25% | 0 | 0% | 2.748 | 250 | 100% |
| 20 | 204 | 82% | 45 | 18% | 1 | 0% | 2.812 | 250 | 100% |
| 21 | 208 | 83% | 42 | 17% | 0 | 0% | 2.832 | 250 | 100% |
| 22 | 170 | 68% | 60 | 24% | 20 | 8% | 2.6 | 250 | 100% |
| 23 | 189 | 76% | 61 | 24% | 0 | 0% | 2.756 | 250 | 100% |
| 24 | 165 | 66% | 81 | 32% | 4 | 2% | 2.644 | 250 | 100% |
| 25 | 210 | 84% | 40 | 16% | 0 | 0% | 2.84 | 250 | 100% |
| 26 | 166 | 66% | 79 | 32% | 5 | 2% | 2.644 | 250 | 100% |
| 27 | 205 | 82% | 45 | 18% | 0 | 0% | 2.82 | 250 | 100% |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 100% | 250 | 2.856 | 0% | 0 | 14% | 36 | 86% | 214 | 28 |
| 100% | 250 | 1.432 | 62% | 155 | 33% | 82 | 5% | 13 | 29 |
| 100% | 250 | 2.872 | 0% | 0 | 13% | 32 | 87% | 218 | 30 |
| 100% | 250 | 2.784 | 2% | 5 | 18% | 44 | 80% | 201 | 31 |
| 100% | 250 | 2.304 | 1% | 2 | 68% | 170 | 31% | 78 | 32 |
| 100% | 250 | 1.324 | 75% | 188 | 17% | 43 | 8% | 19 | 33 |
| 100% | 250 | 2.904 | 0% | 0 | 10% | 24 | 90% | 226 | 34 |
| 100% | 250 | 2.864 | 0% | 0 | 14% | 34 | 86% | 216 | 35 |

**٢-٥ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەپێی هێزی برگەکان**

| کۆیی گشتی | | ناوەندی شیاو | نازانم | | نەخێر | | بەڵێ | | هێزی برگەکان | برگەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژە | دوبارە | | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | | |
| 100% | 250 | 2.904 | 0% | 0 | 10% | 24 | 90% | 226 | 34 | 1 |
| 100% | 250 | 2.872 | 0% | 0 | 13% | 32 | 87% | 218 | 30 | 2 |
| 100% | 250 | 2.864 | 0% | 0 | 14% | 34 | 86% | 216 | 35 | 3 |
| 100% | 250 | 2.86 | 0% | 0 | 14% | 35 | 86% | 215 | 7 | 4 |
| 100% | 250 | 2.856 | 0% | 0 | 14% | 36 | 86% | 214 | 28 | 5 |
| 100% | 250 | 2.84 | 0% | 0 | 16% | 40 | 84% | 210 | 25 | 6 |
| 100% | 250 | 2.836 | 0% | 0 | 16% | 41 | 84% | 209 | 18 | 7 |
| 100% | 250 | 2.832 | 0% | 0 | 17% | 42 | 83% | 208 | 21 | 8 |
| 100% | 250 | 2.82 | 0% | 0 | 18% | 45 | 82% | 205 | 27 | 9 |
| 100% | 250 | 2.812 | 0% | 1 | 18% | 45 | 82% | 204 | 20 | 10 |
| 100% | 250 | 2.788 | 0% | 0 | 21% | 53 | 79% | 197 | 4 | 11 |
| 100% | 250 | 2.784 | 1% | 3 | 19% | 48 | 80% | 199 | 9 | 12 |
| 100% | 250 | 2.784 | 3% | 7 | 16% | 40 | 81% | 203 | 14 | 13 |
| 100% | 250 | 2.784 | 2% | 5 | 18% | 44 | 80% | 201 | 31 | 14 |
| 100% | 250 | 2.756 | 0% | 0 | 24% | 61 | 76% | 189 | 23 | 15 |
| 100% | 250 | 2.748 | 0% | 0 | 25% | 63 | 75% | 187 | 19 | 16 |
| 100% | 250 | 2.74 | 2% | 5 | 22% | 55 | 76% | 190 | 1 | 17 |
| 100% | 250 | 2.732 | 6% | 14 | 16% | 39 | 79% | 197 | 17 | 18 |
| 100% | 250 | 2.72 | 0% | 0 | 28% | 70 | 72% | 180 | 5 | 19 |
| 100% | 250 | 2.672 | 0% | 1 | 32% | 80 | 68% | 169 | 12 | 20 |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 100% | 250 | 2.66 | 2% | 5 | 30% | 75 | 68% | 170 | 2 | 21 |
| 100% | 250 | 2.644 | 2% | 4 | 32% | 81 | 66% | 165 | 24 | 22 |
| 100% | 250 | 2.644 | 2% | 5 | 32% | 79 | 66% | 166 | 26 | 23 |
| 100% | 250 | 2.604 | 2% | 5 | 36% | 89 | 62% | 156 | 13 | 24 |
| 100% | 250 | 2.6 | 8% | 20 | 24% | 60 | 68% | 170 | 22 | 25 |
| 100% | 250 | 2.404 | 4% | 10 | 52% | 129 | 44% | 111 | 15 | 26 |
| 100% | 250 | 2.32 | 6% | 15 | 56% | 140 | 38% | 95 | 3 | 27 |
| 100% | 250 | 2.304 | 1% | 2 | 68% | 170 | 31% | 78 | 32 | 28 |
| 100% | 250 | 1.66 | 52% | 130 | 30% | 75 | 18% | 45 | 11 | 29 |
| 100% | 250 | 1.52 | 60% | 150 | 28% | 70 | 12% | 30 | 8 | 30 |
| 100% | 250 | 1.48 | 72% | 180 | 8% | 20 | 20% | 50 | 6 | 31 |
| 100% | 250 | 1.432 | 62% | 155 | 33% | 82 | 5% | 13 | 29 | 32 |
| 100% | 250 | 1.324 | 75% | 188 | 17% | 43 | 8% | 19 | 33 | 33 |
| 100% | 250 | 1.316 | 73% | 182 | 23% | 57 | 4% | 11 | 16 | 34 |
| 100% | 250 | 1.288 | 79% | 198 | 13% | 32 | 8% | 20 | 10 | 35 |

بە پێی ئەنجامەکانی بڕگەکانی توێژینەوەکە بڕگەی (٣٤) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، بەمە دەردەکەوێت کە دراما تورکیەکان کاریگەری ئەوتۆیان هەیە لەسەر بلاوبونەوەی دیاردەی گێچەڵی سێکسی لەناوەندەکانی خوێندندا، هەروەها بڕگەی (٣٠) کە پلەی دووەمی وەرگرتوە لە ئاستی هەموو بڕگەکانی توێژینەوەکە, کە دەرخەری ئەوەیە کە خۆرازاندنەوە و بونی مۆدێلی هەمە جۆری زیاد لە پێویست کە ڕەگەزی مێینە بەکاریدەهێنێت کاریگەری هەیە لەسەر دیاردەکە، لە لایەکی ترەوە (٢١٥) کەس لەکۆی (٢٥٠) کەس بەڕێژەی (٨٦٪) ی نمونەی توێژینەوەکە گێچەڵی سێکسی، وەك نەخۆشیەکی دەرونی دەبینن، کە سێیەمین بەهێزترین بڕگەی توێژینەوەکەیە.هەروەها بڕگەی (٣٥) ی توێژینەوەکە کە پلەی چوارەمی توێژینەوەکەی گرتوە پێیانوایە کە نەبونی هۆشیاری سێکسی هۆکارە بۆ زیاتر بلاوبونەوەی دیادردەکە، سەبارەت بڕگەی (٢٨) کە پلەی پێنجەمی گرتوە، بەمە دەردەکەوێت کە نمایشکردنی فیلمە سێکسیەکان کاریگەری هەبوە لە سەر زیاتر بونی گێچەڵی سێکسی لە ناوەندەکانی خوێندن دا، هەروەها بڕگە(٢٥) نەبونی بابەتێکی پەروەردەی سێکسی لە خوێندنگاو زانکۆکاندا، کە بەبروای نمونەکە کاریگەری هەبوە لەسەر بەرزبونەوەی ئاستی گێچەڵی سێکسی لە ناوەندەکانی خوێندن دا، لە لایەکی ترەوە ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ڕایانوایە کە هیچ بیروباوەڕێك ڕێگری نابێت لەسەر ڕێگری کردن لە گێچەڵی سێکسی بە پێی بڕگەی دە کە ڕیزبەندی کۆتایی وەرگرتوە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە دیاردەی گێچەڵی سێکسی پەیوەستە بە کەسێتی تاکەکانەوە، بۆیە ڕای نمونەکە بە جۆرێکە کە نەبونی گرنگینەدان بە بابەتەکانی کەسێتی لە پرۆسەی پەروەردەدا کاریگەری هەبوە بە ئاراستەی بونێکی نەرێنی لە کۆمەڵگادا، بۆ زیاتر ڕونکردنەوە لەسەر کۆی هێزو ئەنجامەکانی بڕگەکانی توێژینەوەکە بڕوانە خشتەی (٤).

**٦ – ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

١- دراما بیانیەکان، خۆڕازاندنەوەی مێینە زیاد لە پێویست.نەبونی هۆشیار سێکس نمایشکردنی فیلمی سێکس، دەستبازی ژنومێرد لەبەر چاوی منالەکانیان، لەهەرە گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە کاریگەریان هەیە لەسەر زیادبونی گێچەڵی سێکس.

٢- گێچەڵی سێکسی لەلایەن خاوەن کارەکان،گێچەڵی سێکسی لە کاتی بۆنە ئایینی و نیشتیمانیەکاندا، لەباوترین جۆرەکانی گێچەڵی سێکسین.

٣- تێکچوون و هەڵوەشاندنەوەی خێزانی یەکێکە لە گرنگترین ئەو ئاسەوارانەی کە دیاردەکە بەسەر کۆمەڵگاوە بەجێی هێشتوە.

٤- خۆڕازاندنەوەی مێینە، جۆرەکانی پۆشاك هۆکارن بۆ وروژاندنی ڕەمەکی سێکس لای گەنج.

٥- نەبوونی بابەتێکی پەروەردەیی سێکسی لەخوێندنگا و زانکۆکاندا، کەمتەرخەمی دەزگا ئەمنیەکان کرانەوە و بەجیهانبوون هۆکارێکە بۆ بڵاوبوونوەی گێچەڵی سێکسی.

٦- لاوازی ڕۆڵی کۆمەڵی مەدەنی مافی مرۆڤ و ئاسانی ئامرازەکانی پەیوەنیکردن هەروەها نەبوونی هیچ جێگرەوەیەك بۆ سێکس هۆکارن بۆ زیاد بونی دیاردەکە.

**ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:**

یەکێك لە بنەماکانی دەوڵەتی سڤیل چۆنیەتی پیشکەشکردنی ڕاژەی کۆمەڵایەتییە لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەکان، کە خۆیدەبینێتەوە لە داڕشتن و دانانی یاسا و ڕێسای مەدەنی بۆ کردنی دەوڵەت بە داموودەزگای نیشتمانی لە ڕاژەی گەلدا بێت.لێرەدا چەند خاڵێك دەسنیشان دەکەین لە چۆنیەتی دانانی بەربەست و ڕێگری بۆ خۆپاراستن و تەشەنە نەکردنی دیاردەی گێچەڵی سێکسی لەسەر سێ ئاست، ئەوانیش بریتین لە:

أ- لەسەر ئاستی خێزاندا:

١- خێزان هەستێت بە پەروەردەکردنی منداڵان بە شێوەیەکی مۆدێرن کە بگونجێت لەگەڵ خواست و ئارەزوەکانی منداڵان بەتایبەتی کچان.

٢ – خێزان لەسەریەتی منداڵەکانیان بەتایبەتی کچان هۆشیار بکەنەوە کە چۆن ئاگاداربن لە هەر دەستدرێژییەکی سێکسی کە بکرێتە سەریان.

٣- وریاکردنەوە و پێدانی بەرچاوڕوونی هەرزەکاران لە کاتی هەڵبژاردنی هاوسەرەکانیان.

٤- کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری خێزانی لە ناوچە و گەرەکە میللییەکان بەتایبەتی بۆ خێزانە نەخوێندەوارەکان.

٥- ئاگاداربوون و چاودێری دایك و باوك لە چۆنیەتی پەروەردەی منداڵان لە دەرەوەی ماڵدا.

٦- ئاگاداربونی دایباب لە چۆنیەتی و چەندێتی ئەو بەرنامانەی منداڵان سەیری دەکەن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە.

ب – لەسەر ئاستی پەروەردەیی:

١- دانانی پەیرەو و پرۆگرامی بابەتی ڕۆشنبیری سێکسی و جێندەری لە بەرنامەکانی هەموو قۆناغەکانی پەروەردە و فێرکردندا.

٢- بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و یاسایی و مافی مرۆڤ و مافی ژنان و کچان لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا.

٣- بەشدارپێکردنی کەسوکاری خوێندکاران لە کردنەوەی خولی تایبەت بۆ بەرچاورونییان لە چۆنیەتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

٤- گرنگیدان و ئامادەکردنی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی بۆ شیاندنیان بۆ ژینگەی زانکۆ.

ج - لەسەر ئاستی کۆمەڵگای مەدەني:

١- دەستەبەرکردنی مافی مرۆڤ (ژنان) و سەربەستی و پاراستنیان لە هەر سوکایەتییپێکردن و بەکەم تەماشاکرنیان.

٢- فەراهەمکردنی دەزگا و بنکەی پاراستن و دالّدەدانی ئەو ژن و کچانەی کە جێگەی هەرەشە و مەترسین چ لەلایەن کەسوکارەکانیان یا لە دەرەوەی خێزان.

٣- کردنەوەی بنکەی تەندروستی و ڕاوێژکاری دەرووونی و کۆمەڵایەتی و یاسایی بۆ پارێزگاری لە دۆزی مێینە.

٤- باشتر وایە یارمەتی و کۆمەکی تەندروستی کۆمەڵایەتی و دەرونی و قەرەبوکردنەوەی ئەو ژنانە بکرێت کە بونەتە قوربانی دەستدرێژی گێچەڵی سێکسی بۆ گەراندەوەیان بۆ دۆخی سروشتی خۆیان لە کۆمەڵگادا.

٥- دارشتنی رێسا و یاسایەکی نیشتمانی و نەتەوەیی کە بگونجێت لەگەڵ پێوەری نێونەتەوەییەکاندا لەمەر جیاوازی و جیاکاری جێندەری و دژایەتی کردنی ژناندا.

٦- تەرخانکردنی بوودجەیەکی دیاریکراو لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی پرسی ژنان و خاوەندارێتییان.

٧- رۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی لە فشارخستن و ناچارکردنی دەوڵەت بۆ دارشتنی یاسای گونجاو و لەبار بۆ دانانی بەربەست و ڕێگرتن لە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنان.

٨- کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن دەوڵەتەوە، بۆ دانان و دارشتنی بەرنامەی گونجاو لەگەڵ داکەوتی ( واقع) کۆمەڵگای کوردیدا.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە عەرەبیەکان**


١. أحمد زكي بد وى (١٩٧٨)، معجم مصطلحات العلوم الأجتماعية، مكتبة لبنان، بيروت،.

٢. أحمد محمد عبداللطيف عاشور، سمر عبدالمعطي نجم، لبني غريب عبدالعليم، التحرش الجنسي (أسبابه، تداعياته، آليات المواجهة) ، كلية الأقتصاد و العلوم السياسية، جامعة القاهرة.

٣. حسن علوان حسين بيعي، عبد الامير رباط عبد الجبوري (٢٠١٧) التحرش بين تلاميذ المدارس الأبتدائية من وجهة نظر المعلمين في محافظة بابل، مجلة جامعة بابل، المجلد ٢٤/ العدد ١-.

٤. بشرى العبيدي، العنف المرتكب ضد المرأة، كلية القانون، مدرس فى القسم الجنائى- كلية القانون- جامعة بغداد، (بلا سنة ومكان الطبع.

٥. سحر محمد وەهبى ، ١٩٩٦، دور وسائل الاعلام، فى تقديم القدوه للشباب الجامعى، ط ١، دار الفجر للنشره و التوزيع، القاهره.

٦. سعد البزاز (١٩٩٦)، د.علي الوردي في الطبيعة البشرية، ط ١، منشورات الأهلية للنشر و التوزيع، الأردن.

٧. علاء عبد الحفيظ المجالي (٢٠٠٩) ، أشكال التحرش الواقع على الطالبات في الجامعات الأردنية الحكومية و الخاصة، جامعة مؤته.

٨. لقاط مصطفى (٢٠١٣) ، جريمة التحرش الجنسي في القانون الجزائري و القانون المقارن، كلية الحقوق بن عكتون، جامعة الجزائر،.

٩. محمد ابراهيم عبدة، ٢٠٠٣، دور التربية فى المستقبل الوطن العربى، ت ١، دار مجد لاوى، القاهرة.

١٠. محمد ياسر خواجه و اخرون،١٩٩٩، دراسات فى المجتمع العربى العاصر، ت ١، هالى للتابعه والنشر، دمشق، س ٢٦٠، نقلا عن جلال احمد عبدالله،٢٠٠٤، ڕەهەندەکانی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەنجان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

١١. مديحة أحمد عبادة (٢٠٠٧)، الأبعاد الأجتماعية للتحرش الجنسي في الحياة اليومية، كلية الأداب، جامعة سوهاج.

١٢. مليحة عوني القصير، د.معن خليل عمر (١٩٨١)، المدخل الى علم الأجتماع، مطبعة جامعة بغداد.

١٣. مي بنت كامل محمد بوقري (١٤٣٠ هـ )، إساءة المعاملة البدنية و الاهمال الوالدي و الطمأنينة النفسية و الأكتئاب لدى عينة من تلميذات المرحلة الأبتدائية (١١ – ١٢) بمدينة مكة المكرمة، كلية التربية، جامعة أم القرى.

١٤. واقع الأعتداء الجنسي على الأطفال في محافظات قطاع غزة، وحدة النشر و المعلومات، المركز الفلسطيني، ٢٠٠٩.


**سەرچاوە کوردییەکان:**


١٥. خةندان محةمةد جةزا سةرتاض (٢٠٠٨)، ئۆڤيانوسيَك لة تاوان، ض ٥،.

١٦. د.سامية حسين الساعاتى (٢٠١١)، تاوان و كؤمةلَطة، و:دانا نادر محةمةد، ض ١، ضاثخانةي طةنج، سليَماني.

١٧. د.كةريم شةريف قةرةضةتاني(٢٠٠٩)، سايكؤلؤذياي طةشة، ض ١، ضاثخانةي ديلان، سليَماني.

١٨. د.ئيبراهيم ناصر (٢٠١٣)، و:دانا نادر محةمةد، زانستي كؤمةلَناسي ثةروةردةيي، ض ١، ضاثخانةي ضوارضرا.

١٩. عادل عةلي،(٢٠١٦)،ثرسي ذن لة ضةند دةقيَكي وةأطيَأدراودا، ض ١، دةزطاي ضاثخانةي حةمدي.

٢٠. كاوة ب.محةمةد ئةمين (٢٠١٣)، تاوانة سيَكسييةكان لة قانووني سزاي سويديدا، ضاثخانةي أؤشنبيري، هةولير.

٢١. محةمةد سالَح ثيَندرؤيي (٢٠١٢)، أؤلَي خيَزان و قوتابخانة لة أيشةكيَشكردني توندوتيذيدا، ض ١، ضاثخانةي أؤذهةلآت.

٢٢. ئةنتؤني طيدنز (٢٠٠٩)، كؤمةلَناسي، و:حةسةن ئةحمةد مستةفا، ض ١، ضاثخانةي ئاراس – هةوليَر.

**گۆڤار و ڕۆژنامەكان:**

٢٣. د.علي الوردي، التناشر الأجتماعي و المرأة الحديثة في العراق، جريدة الأتحاد، العدد ١٣١ في ١٩ تموز ١٩٨٩.

٢٤. عبد الباقي الهرماسي و الأخرون، سؤسيؤلؤجياي ئاييني بوار، دةسكةوت، ليَثرسين، و:ئةكبةر حةسةن، ذمارة ١٠، ٢٠٠٩.

٢٥. ئاوات محةمةد، جيهانطيري طوتاري أؤشنبيري، طؤظاري مةدةنيةت، ذمارة ٢ سالَي ١٩٩٩.

**إينترنيت:**

٢٦. شمخي جبر، تزايد التحرش ضد الفتيات بأستخدام أساليب جديدة، ٢٠١٧/٧/٣٠.
http://www.alsabaah.iq/ArticlePrint.aspx?ID=51063

**پاشكۆكان**

يەكەم /ناوی ئەندامانی ليژنەی هەڵسەنگاندن

| | پسپۆران | نازناوی زانستی | شوێنی كار |
|---|---|---|---|
| 1 | سۆلاف فائق محمد | پرۆفيسۆر | زانكۆی سلێمانی |
| 2 | صابير بكر مصطفى | پرۆفيسۆر | زانكۆی سلێمانی |
| 3 | كريم شريف عبدالله | پرۆفيسۆر | زانكۆی سلێمانی |
| 4 | نظام عبدالجبار حسين | پرۆفيسۆر | زانكۆی سلێمانی |
| 5 | جوان احسان فوزی | ياريدەدەری پرۆفيسۆر | زانكۆی سلێمانی |
| 6 | حسن فخرالدين خالد | ياريدەدەری پرۆفيسۆر | زانكۆی سلێمانی |
| 7 | شوعەيب امين نادر | ياريدەدەری پرۆفيسۆر | زانكۆی سلێمانی |
| 8 | نازەنين عثمان | ياريدەدەری پرۆفيسۆر | زانكۆی سلێمانی |
| 9 | احمد حمه علی محمود | مامۆستا | زانكۆی سلێمانی |
| 10 | ئارام حسن فرج | مامۆستا | زانكۆی سلێمانی |
| 11 | عومەر عەلی احمد | مامۆستا | زانكۆی سلێمانی |
| 12 | ڕێژين ئوميد صديق | مامۆستای ياريدەدەر | زانكۆی سلێمانی |
| 13 | كانی سالار عثمان | مامۆستای ياريدەدەر | زانكۆی سلێمانی |

**دووەم پرسیارە پەسەندکراوەکانی توێژینەوەکە**

| ژ | برگەکان | بەڵێ | نەخێر | نازانم |
|---|---|---|---|---|
| 1 | زۆرجار کە توشی گێچەڵی سێکسی دەبم و پەردەپۆشی دەکەم. | | | |
| 2 | دەستدرێژی گێچەڵی سێکسی تەمەنێکی دیاریکراوی نییە. | | | |
| 3 | ناتوانم کۆنترۆڵی هەواوهەوەسە سێکسییەکانم بکەم. | | | |
| 4 | گرنگی پێنەدانی بابەتی کەسێتی لە پرۆگرامی پەروەردە و فێرکردندا. | | | |
| 5 | ئامرازەکانی پەیوەنیکردن دەبێتە هۆی زیادکرنی ئەم دیاردە هەستیارە. | | | |
| 6 | برسێتی سێکسی برستی لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی برییوە. | | | |
| 7 | گێچەڵی سێکسی وەکو نەخۆشیەکی دەروونی چاولێدەکەم. | | | |
| 8 | دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی گێچەڵی سێکسی. | | | |
| 9 | بە هۆکاری تێکچوون و هەڵوەشاندنەوەی خێزانی دەیبینم. | | | |
| 10 | هیچ بیروباوەڕێك ناتوانێت بەربەستبێت لە بەرگریکردنی گێچەڵی سێکسی. | | | |
| 11 | نەبوونی یاسا و ڕێسا بۆ ڕێگرتن لە گێچەڵی سێکسی. | | | |
| 12 | کۆمەڵی مەدەنی لە ئاستی پێویستیدا نابینم دەبارەی گێچەڵی سێکسی . | | | |
| 13 | ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەئاستی پێویستیدانین سەبارەت بەگێچەڵی سێکسی. | | | |
| 14 | کرانەوە و بەجیهانبوون هۆکارێکە بۆ بڵاوبوونوەی گێچەڵی سێکسی. | | | |
| 15 | کەلتووری نێرسالاری یەکێکە لەهۆکارەکانی گێچەڵی سێکسی. | | | |
| 16 | ڕوخانی باری ئابووریی و بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری یاریدەدەرە بۆ دەرکەوتنی گێچەڵی سێکسی. | | | |
| 17 | دەستبازی ژنومێرد لەبەر چاوی مناڵەکانیان. | | | |
| 18 | جۆرەکانی پۆشاك هۆکارە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە. | | | |
| 19 | لە کاتی بۆنە ئایینی و نیشتیمانیەکاندا ئەم دیاردەیە زیاتر بەدەردەکەوێت. | | | |
| 20 | دەزگا ئەمنیەکان وەڵامدەرەوە نیین وەك پێویست. | | | |
| 21 | زۆرجار گێچەڵی سێکسی ڕوودەدات لەلایەن خاوەن کارەکانەوە. | | | |
| 22 | جیاوازی جێندەری هۆکارە بۆ گێچەڵی سێکسی . | | | |
| 23 | مێینە بوون بەواتایی هاوڵاتی پلەدوو دێت. | | | |
| 24 | کۆمەڵگای ئایینی و داخراو زیاتر ڕووبەڕووی گێچەڵی سێکسی دەبێتەوە. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 25 | نەبوونی بابەتێکی پەروەردەیی سێکسی لەخوێندنگا و زانکۆکاندا. | | | |
| 26 | نەبوونی هیچ جێگرەوەیەك بۆ گێچەڵی سێکسی . | | | |
| 27 | کولتوری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی کولتورێکی داخراوە. | | | |
| 28 | نمایشکردنی فیلمی سێکسی بە شێوەیەکی بەربڵاو. | | | |
| 29 | نەبوونی توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی وەك پێویست لە خوێندنگاکاندا. | | | |
| 30 | خۆڕازاندنەوەی مێینە زیاد لە پێویست. | | | |
| 31 | هۆکارەکانی گواستنەوە یارمەتیدەرە بۆ ئەم دیاردەیە. | | | |
| 32 | کارمەندان مامۆستایان بەهۆکاری تەشەنەساندنی ئەودیاردەیە دەبیني. | | | |
| 33 | هاتنەدەرەوەی کچان لەکاتی شەودابۆشوێنە چۆڵ گوماناوییەکان. | | | |
| 34 | دراما بیانیەکان کاریگەریان لەسەر بڵاو بوونەوەی ئەم دیاردەیە هەیە. | | | |
| 35 | نەبونی هۆشیار سێکسی هۆکارە بڵاوبوونەوە ئەم دیاردەیە. | | | |



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034